


مەحموود زامدار

# پەیکەری دەق و ملکەچی



* (پەرستن) و (پیرۆزی) و (پیرۆزاندن) زاراوەگەلێکن کە مەربەستەی یەکترین و دەورێکی زۆر خەتەرناکیشیان لە جەستە و دڵی میتۆلۆژیای گەلاندا دیوە و تا ئێستاش کە ئێستایە ئەو دەورە بەردەوامە و بەردەوام...

* لەنێو ئێمەی کوردیشدا وا ڕیشاژۆ و ڕەگاژۆ بووە مەگەر بە کودەتایەکی مەزنی ئەپستم و بوارەکانی و بە بەرنامەیەکی عەقڵڕێژکراو. خشتوخاڵی لە ڕەگوڕیشەوە بکێشرێ و بخرێتە مۆزەخانەی مەرگەوە.

* کەسێ -هەرکەسێ- بیەوێ بەری چاوی ڕۆشنتر بێ و گۆڕانکارییەکی زۆر قووڵ لەنێو کۆمەڵدا بکا و بشبێتە پێشەنگ و ڕابەر، بێ دڵ لە دڵدان دەبێ کۆششی بێوچان بۆ

ڕزگارکردنی (ئاوەز)ی مرۆڤ لە چنگی مۆتەکەی (بەها چەسپاو و نەگۆڕەکان)ی (دەق) بدا و بە ڕەخنەی دەرزیئاژنانە و بە شیکردنەوەی زانستیانە و بە سەرەندازکردنی ئەو پۆشاک و دەمامکە چڵکنانەی بەزریق و باقانەی کە چقڵی ئاوی چاوی سەندووە و زایەڵەی بزاڤی بیری ئیفلیج و بەنجکردووە و گیانی بەژانوژوور و دەسپێشکەری لەنێو قەمۆچکەی ڕەشیدا کوشتووە و سەدان سەد دومەڵی کوشندەی لەنێو ئاشیانەی مێشکی مرۆڤدا پەنماندووە و باڵەوازەی چێژگەی ڕازی جوانی هەڵتروشکاندووە و بووە بە (دەق)ێکی پیرۆز و پەرستراو.

* ملکەچکردن و چەمینەوە لەبەردەم پەیکەری ڕمووزن و قژنە سەری (دەق) و شکۆپێدانی (دەق) و سڕینەوەی دینامیکای پڕ لە زیندەگی هزر و بەرزبینی و پەرەسەندن و مێژووە، سووتاندنی کەسنامە و ناسنامەی مرۆڤە...!

خۆ گەر دوێنێی دوور، باوباپیران- کە لە دەرەوەی مێژوودا ژیاون - بەو دەقانە ڕاهاتبوون و گەلێ لێتوێژینەوەی کرچ و کاڵ و پڕ لە ڕواڵەتبازی و وێنە و دیمەن و شەبەنگەبەڕۆژی بۆر دراویان بە باڵایدا بڕیبوو، ئەوا ئەمڕۆ ئەو دەقە پڕ گەندەژانە، لەبەر ڕۆشنایی پرۆسەی شیکارانەی ئاوەزێکی وازو والآدا دەستەپاچەن و لەگەڵ ڕەوتی بزۆزی تیکنۆلۆژیا و ڕیتمی سەردەمدا ناگونجێن، چونکە (دەق) تەمەنێکی دیاریکراوی خۆی هەیە و کە ڕۆژی مەرگی هات، دەبێ گیان بدا و بمرێ و ڕێگا بۆ بیری نوێ و ژینی نوێ و بەهای نوێ خۆش بکات و نەبێتە بەربەست و تەمتەم، دەنا باهۆزی ئاوەز ڕایدەماڵێ.

* ئەوانەی بڵخی درۆ و جەهالەت بەرچاویانی گرتووە و لەژێر بارە بەستەڵەکی قورسی (دەق) لە ڕێسمەچوودا گنخە گنخ ، نخە نخیانە و لەڕێی ئەو (دەقانە) وە پاشکەوتن و کۆنەخوازی و دەروونوێرانی و ڕاپسکانی ڕەهای ئاوزەسازش و پێشوێنی بکەن، ئەوا بێسوو خەونی ڕاسان و ڕاپەڕین و هەڵوەزین و ئەندێشەی بڵندبین لە گۆڕ دەنێن و لەقەشێلی هەموو دەسپێشکەرەییەکی ئەو خەونە سەوز و جوانە و پاشەڕۆژی مرۆڤی ئەم وڵاتە سەمەندەراسایە و هێز و بڕستی ئەو مرۆڤە دەکەن و ئاتەرانی ئەنگێزەو بەهانەی شاتووشووت و قوتەڵ و ڕوتەڵی ئەنگوستە بەستەی جیا جیا دەهێننەوە و لە ئەنجامی ئەنجامیشدا دەبنە کۆی دەردەسەری و ژەکی پەرژەنگ و کارەساتەکان.

* برا... گەلی ئێمە و لەم ڕۆژە دژوارانەدا و لەم قۆناغە تەنگەبەرەدا پێداویستییەکی زۆری بە جوست و جۆی ئەزموونی ئاوەز هەیە، چونکە ئەو ئەزموونە لێوانلێوە لە توانست و جەمین و (نیگەرانی ڕەوا)، بەندبوونیش بە ئەرژەنگی (دەق) شۆراخ و قەوزەدار و بەشەڕوگەڕی پەرستنی (دەق) نوقمە سارکردنی ناسنامە و زیواڵکردنی ژیانە... مردنە مردن.